

# دەشێ باران دڵدانەوەیەکی باش بێ

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

بۆ ئاو رستە یەکی تر لە  ئەبەدییەت هەڵدەگرمەوە
ئەگینا بڕوا ناکەم باران بباریێ
ئەگینا زۆر لەوە پیرتر
خۆم نیشان دەدا

زۆر لەو پیرتر
دەشێ دڵدانەوەیەکی باش بێ
لەچاوەڕوانی ئاو
لەچاوەڕوانی  رستەیەک  کە لە بەر باران
هەناسە دەدا



لەچاوەڕوانی گەڵاّ یەکـ  کە بەر لە مردن

دەنوسێ باران.

ئاوو ئاو

لە ئەستێرەیەکەوە پیاسە دەکەین

تا دڵ حەز بکا تەنیا

تا چاو بڕبکا وێڵ

ئەستێرەیەکـ زۆر لەوە کزتر

بەرگەی دووبارە بگرێ

دووبارە عاشق بوون

باران ئەوەی نەگوت

وەکـ ئەوەی نەتوانێ شوێن  مرۆڤ بکەوێ

مرۆڤ ئەوەی نەگوت

وەکـ ئەوەی لە غەمی خۆی پەشیمان بووبێتەوە



بیابان رووت رووت

پەرییەک لە خەودا دەبینێ

باران  بارن

دەکەوێتە دەریاوە

دەریا چەند دەبەنگ بێ

لە تواناداپە جیهان بە ئارەزووی خۆی

چەندە جارەی باران بکاتەوە

ئاو چەند  نەرم بێ

لە توانایدایە مرۆڤ مرۆڤ رابماڵێ

مرۆڤ چەند زۆر بێ

لە توانایدایە ژیان  ژیان

دابەشی نائومێدی بکا.

باران  باران



له نائومێدی کۆ دەبینەوە

دەشێ ئاو دڵدانەوەیەکی باش بێ

بەڵام بیابان

له ئەستێرەیەک دەهاتەوە

نزیک گومان

دەشێ بیابان دڵدانەوەیەکی باش بێ

بەڵام باران

رووت رووت

دەکەوێتە دەریاوە

پەرییەک له خەودا دەبینێ

نەرم نەرم

زۆر لەوە دڵگیر تر

بەرگەی دووبارە بوونەوە بگرێ

زۆر لەوە دڵگیر تر



بەرگەی فەرامۆشی بگرێ.

بۆ باران رستەیەکی تر لەوانەی سەفەر دەچم

وەک ئەوەی کۆڵان  کۆڵان

نەخشەی رۆژ هەڵبدەمەوە

کۆڵان کۆڵان

ئاو ناپاکی لەئاو بکا

ئێوارە چڵ چڵ بشکێ.

ئیتر لەگەڵ ئاوە نا

لە زیندانێکەوە قسە دەکەم

دەڵێی بە باران چنراوە

لە کتێبێک کە سەفەر لەوپەڕی  پەشۆکاوی

حیکایەت دەکا.



لەوپەڕی نائومێدی

ژیان بە قەوزەوە

گاز لە تەمەن دەگرێ

ژیان لە غروری من

دەریا دەیبا.

دەریا و دەریا

پەرییەک لە خەودادەبینم

وەک چرای باران دەپشکوێ

وەک چرای باران

بەر لەوەی بەیانی هەلوەرێ

نازی شەو هەڵدەدا

وەک چرای باران

بەرلەوەی ئێوارە بکەوێ



کز کز بەتاریکی تەرم دەکا

بەخەیاڵ دەڵێ بە ئاوم گوت

نەفرەت لە ئازایی ژیان

نەفرەت لە سەفەر.

ئاو بە رستەوە خۆی دەکوژێ

نەخشەی رۆژ زەرد هەڵدەگەرێ

باران چڵ چڵ خۆی بەنائومێدییەوە

هەڵدە واسێ

تەمەن وەک مانگ لە تەنیایم بزر دەبێ

منیش لەوپەڕی پەرگیرێ

لەگەڵ بیابان لم دەمبا.

دوور دوور



زیندانێک بە تاریکی دەناسێنم

بەر لەوەی لە کەناری بێهودەیی رووت بمەوە

پەرییەک دەبینم

نەرم نەرم وەک نیگەرانی دەبارێ

کتێبی گوڵ پەڕ پەڕ دەکا.

من دەڵێم باران ناباری

نائومێدی دەڵێ رەنگە

من سێبەری حیکایەتە مەستەکانی

حەقیقەتم

کتێبی گریانی شەوان

نائومێدی

من ئاو ئاو لە نائومێدی دێمەوە

سەفەر دەڵێ



شیعر بەشی ئەوە دەکا بڵێم تەنیام

من دەڵێم

وەک ئەوەی کتوپڕ تەمەن لە دڵۆپە ئاوێ

پەشیمان بێتەوە

کتوپڕ لە نائومێدی دەشکێم.

پیریو پیری

دەشێ باران دڵدانەوەیەکی باش بێ

دەشێ سەفەر دڵدانەوەیەکی باش بێ

دەشێ

دەشێ

من دەڵێم باران ناباریێ.

تەمموزی 2003